# کورد گەلێکی بێ وڵات

## ئەمجەد شاکەلی

ئەم نووسینە(Kurderna, folket utan land)، کورد گەلێکی بێ وڵات، ڕوینە لۆمبۆرن، لە ئەپریلی ساڵی 1970دا، واتە: یەک مانگ دوای ڕێککەوتنەکەی 11ی مارسی نێوان سەرۆک بارزانی و حوکوومەتی عیراق، لە نووسینی بووەتەوە و هەمان ساڵ، لە لایەن ئەنیستیتووتی سیاسەتی دەرەوە لە سوێد چاپ کراوە. ڕوینە لۆمبۆرن، ساڵی 1926، لەدایک بووە. لە بواری زمانەوانیدا چالاکە و بۆ خۆی مامۆستای زمانە و گەلێک لە زمانە ئاسییەکان دەزانێت. لە ساڵانی 1950-1954دا، لە کۆمسیۆنی چاودێری سوێدیدا، لە کۆریای باکوور و باشوور، وەرگێڕ بووە. زۆرجارانیش بۆ کاری توێژینەوە و لێکۆڵینەوە، گەشتی ڕۆژهەڵات و ڕۆژاوای ئاسیای کردووە. لە پاییزی 1969دا، سەری خوارووی کوردستانی داوە و لە ئەنجامی ئەو سەردانەیدا، ئەم نامیلکەیەی نووسیوە.

لە زۆر نووسین و بۆنە و باسدا، بە تایبەت هی بیانییەکان، کورد بە گەلێکی بێ وڵات دادەنرێت. لای ئەوروپاییەکان زۆرجاران، وشەی وڵات و دەوڵەت و نەتەوە، هەر هەمان واتا دەگەیەنن. هەر بۆیەش لۆمبۆرن، کتێبەکەی خۆی ناو ناوە"کورد گەلێکی بێ وڵات". بەڵام لە ڕاستیدا ئەگەر وشەی وڵات، کە دەکاتە خاک و نیشتمان، و وشەی دەوڵەت، کە دەکاتە دەسەڵاتی سیاسی و سنوور و ئاڵا، لە یەک جوێ بکرێنەوە، ئەوە دەکاتە ئەوەی، کورد وڵاتی خۆی هەیە، کە کوردستانە، واتە: وڵاتی کورد، بەڵام کوردستان دەوڵەت نییە و لە سەر نەخشەی سیاسی جیهان، وەک دەوڵەت، نییە. گەلەک نەتەوە و میللەتی دیکەش لەم جیهانەدا هەن، کە خاوەنی خاکی خۆیانن، بەڵام دەوڵەتی خۆیان نییە. بۆ نموونەش: ئێریترییاییەکان، باسکەکان، بەربەرەکان، فلستینییەکان، ئیندیانەکان و قەرەجەکان. ڕوینە لۆمبۆرن، پاش ئەوەی بە شێوەیەکی گشتی، باسی مێژووی کۆن و نوێی کورد و سیاسەتی دەوڵەتە داگیرکارەکانی کوردستان بەرانبەر بە کورد و پەیدابوونی بیری کوردایەتی و جەنگی چەکدار و شۆڕش، لە پارچەکانی کوردستاندا دەکات، بە درێژاتر و بەشێوەیەکی تایبەت، دێتە سەر باسی، خوارووی کوردستان و بار و گوزەرانی کورد و هەڵوێست و دیتنی ڕێبەرانی کورد، لە سایەی ڕژێمی پاشایەتی و کۆماریی پاش 1958 و جووتەعارف و بەعس بە هەردوو خولەکەیەوە(1963 و 1968)، لە عیراقدا و ئەوجا خەستتر و چڕوپڕتر لە بارەی سەرۆک بارزانی و شۆڕشی ئەیلوول و خاڵ و بەندەکانی بەززاز و پاشانیش ڕێککەوتننامەی 11ی مارسی 1970. پاش لێنۆڕین و وردبوونەوە و شیکردنەوە، لۆمبۆرن، دەمانگەیەنێتە ئەنجامێک و دەڵێت:"بەم تازەیە ڕێککەوتنێک لە عیراقدا هاتە دی، بەڵام تا چەند ئەو ڕێککەوتنە بەردەوام دەبێت، دەگەڕێتەوە بۆ سیاسەتی مەزن لە بارەی کەنداوی فارسەوە". ساڵی 1974 و تا نیوەی 1975، لە بەڕێوەبەرایەتیی ئاماری کەرکووک، کارم دەکرد. برادەرێکی خۆشەویستم، کاک نەجمەددین تاها، کە لە هەمان جێگە هاوکار بووین، زۆرجاران، کە باسی سیاسەت و ئەو جۆرە بابەتانەمان دەکرد، دەیگوت:"هەموو گۆڕان و ڕووداوێکی سیاسی، کە لە جیهاندا ڕوو دەدات، پێشەکی نەخشە و پلانی، لە لایەن هەردوو زلهێزەکەوە، ڕووس و ئەمەریکا، یا ڕوونتر، (سی. ئای. ئەی) و (کەی. جی. بی)یەوە بۆ دانراوە، ئیدی مرۆڤ لە بەردەم ئەواندا، بێدەسەڵاتە و هیچی پێ ناکرێت و خۆشەکەتکردنیش، بێهوودەییە". ئاوڕدانەوەیەک لە مێژووی عیراقی کۆماریی، لە 1958 بە دواوە تا ئێستا، هێندێ شتمان بۆ دەردەخات، کە پێوەندیان بە مەسەلەی کوردەوە هەیە:



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

1. شوورەوی و وڵاتانی بندەستی، نۆ مانگی سەردەمی کوودێتا فاشییەکەی 8ی شوباتی 1963ی لێ دەرچێت و کۆمۆنیستە ڕەسمییەکانی(لێژنەی مەرکەزی) عیراق، هەر ئەو نۆ مانگە و ساڵانی دوای 1978ی لێ دەرچێت، هەموو کاتێک هەوڵیان داوە، عیراق وەک دەوڵەتێکی نیشتمانی و پێشکەوتنخواز و سۆسیالیست و خێرخواز و دژ بە ئیمپریالیزم و پاسەوانی دەروازەی ڕۆژهەڵاتی عەرەبی، پێشان بدەن.

2. شوورەوی و وڵاتانی بندەستی، بە تەواوی هێز و توانستیانەوە، کۆمەکیان بە عیراق کردووە و دەیکەن، سا ئیدی ڕێژیمەکەی هەرچی بووبێت و چاکترین و نوێترین چەکیان داوەتێ و بە هەزاران پسپۆری جەنگی و لەشکرییشیان بۆ ناردووە و دەیان پرۆژەی سوپایی و هی دیکەیشیان بۆ ساز کردووە.

3. ئەگەر شوورەوی و وڵاتانی بندەستی جاروبار خێسەیەکیان لە عیراق کردبێت، لە بەر ئەوە بووە، کە عیراق مەیلێکی بە ڕۆژاوا داوە و هاوڕێگەلی سۆسیال-ئیمریالیزمی، بەوە ترساندووە، کە ئەولایش هەیە. ئەمە لە لایەکەوە و ئێرانی شای ئەمەریکێنراو و بنکەی سی. ئای. ئەی و پاسەوانی کەنداوی گەرم و پۆلیسی ناوچەکە، لە لایەکی دیکەوە، کوردی کڵۆڵ و بەدبەخت و چارەڕەشیش، بە خۆ و بە کۆمەڵە تفەنگێکەوە، کە لە عەمبار و جبەخانەی زلهێزەکاندا باویان نەماوە و بەکار ناهێنرێن، هەر بۆیەش گەیشتوونەتە دەستی ئەوان، و بە زگێکی ژەمێک تێر و چوار برسییەوە، چۆن دەتوانن، لە تەڵەکە و فرتوفێڵی، ئەو دوو شەیتانە گەورەیە دەرچن، کە مامۆستا و ڕێپێشاندەری هەردوو ڕێژیمەکەی عیراق و ئێران بوون. ڕێککەوتنی لەو چەشنەی 11ی مارس، چۆن بەردەوام دەبێت، ئەگەر عیراق، بەعس بەڕێوەی بردبێت و ببات و هەمیشە جاڵجاڵۆکەئاسا، تەونی فێڵ و تەڵەکەی بۆ کورد، ساز کردبێت، کوردی بێکەسیش تەنێ هێز و بازووی خۆی خستبێتە گەڕ و شانازی پێوە کردبێت. هێز و بازوویەک، کە لە هەلومەرجی سیاسەتی ئەوڕۆدا، سەنگ و قورساییەکی ئەوتۆی نییە و ناکاتە هیچ، چونکە نە زەمانی ڕۆستەمە و نە زولفەقارەکەی ئیمام عەلیشی بە دەستەوەیە. کەوابێت نەک هەر ڕێککەوتنەکەی 11ی مارس، ناگاتە ئەنجام و زۆر بڕناکات، بەڵکە ڕێککەوتنی ئەلجەزائیر و هی دیکەیشی بە سەردا دێت و لە نێو جێگەیشدا چنگ دەخرێتە قورگی کوردەوە و دەتاسێنرێت، چونکە لەو پێشبڕکێ و بگرە و بەردەدا، هەرگیز کوردی پیادە، بەوانی سواردا ناگات. تا ئێرە واپێدەچێت، دیتن و بۆچوونەکەی کاک نەجمەددین تاها، لە جێی خۆیدا بێت. کە تۆزێک لە مێژووی ئەم دوو سەدەی دواییەی کورد ورد دەبینەوە، هێندێ شتمان بۆ دەردەکەوێت، کە مرۆڤ لە زۆر پرس و باس، دەخاتە گومانەوە. ئەگەر بنۆڕینە شۆڕشەکانی شێخانی نەهری و پیران و حەفید و بارزانی و بزاڤە چەکدارییەکەی ئەم ساڵانەی دواییەی باشوور و ڕۆژهەڵاتی کوردستان، وامان لێ دێت، بگەینە ئەو ئەنجامەی، کە شەڕی چەکداریی، بەو شێوەیەی کە کراوە، خزمەتی کوردی نەکردووە. شێخی حەفید و بارزانی، ئەگەر بە چاوی ئەو ڕۆژەی خۆیان حیسابیان بۆ بکەین، ئەنجامێکیان وەدەست هێناوە، ئەویان حوکوومەتی خوارووی کوردستان و ئەمیان ڕێککەوتننامەی 11ی مارس و یەکیەتیی هەموو بزاڤی کورد و نەتەوەی کورد، بەڵام لە هەرەسی 1975 بە دواوە چی کراوە؟ بەپێی قانوونی شەڕی پارتیزانی، دەبێ بە کەمترین زیان، مەزنترین دەست لە دوژمن بوەشێندرێت و گەورەترین سەرکەوتن وەدەست بهێنرێت. ئایا کورد وەهای کردووە! بێگومان نا، بەپێچەوانەوە، بزاڤی چەکداریی کورد بە زۆرترین زیان، کەمترین و گچکەترین سەرکەوتنیشی بە سەر دوژمندا وەدەست نەهێناوە. خوارووی کوردستان سەرەڕای عەرەباندن و بەعساندنی، وێران بووە و بووە بە کەلاوە و گوند و شار و تەڕ و کەسکی نەماوە و گازی کیمیایی، هەموو خەون و خەیاڵی شاعیران و پیاهەڵدانیان، بە دار و بەرد و لاپاڵ و چیا و خۆڕاگریی مرۆڤدا، پووچ کردەوە و داتەپاند و نغرۆ کرد. بە تایبەت پاش شەهیدبوونی هەڵەبجە. پاش ئەو هەموو دەردەش، ئەوجاکە



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

کوردگەلێک هەن، چەکی بەعس دەکەنە شان و جاشایەتی دەکەن و دەست لە سەر سنگ، خزمەتی حوکوومەتی بەعس دەکەن. ئەو جاشە چەکدارانەی، کە ئەورۆ لە خوارووی کوردستاندان و بە نێوی هێزی "خەفیفە" واتە: "سووکەجاش"ەوە کار دەکەن، ژمارەیان لە 150 هەزار کەس پترە. بێجگە لەوانەش هەزارانی دیکە، لە دوای هاشم ئاکرەیی و شێخ سەتتار و جەعفەر بەرزنجی و سەدانی وەک ئەوانەوە مووشە دەکەن و دەلەوەڕێن. ئەوانە، تەواوی ئەوانە، کوردن و ژمارەیشیان دە و پازدەبارەی هەموو پێشمەرگەی کوردستان، گشت کوردستان، بە خوارووو و ڕۆژهەلات و باکووریشەوە دەبن و پتریش. لێرەدا پرسیارێک دێتە گۆڕێ: بۆ ئەو هەموو خەڵکە دەبنە جاش و نابنە پێشمەرگە؟ بۆ وەرامی ئەو پرسیارە دەکرێ بڵێین:

- گوشارخستنەسەر و تەنگپێهەڵچنین، لە لایەن حوکوومەتەوە.
- پیویستیی ئابووری و دەسکورتی.
- حەز لە دەوڵەمەندبوون و سامان کۆکردنەوە.
- پاراستنی بەرژەوەندی تایبەتی: ماددی، خزمایەتی، بنەماڵە و خێڵ و هۆز و عێل و عەشیرەت.
- گەڕان بە دوای پلە و پایە و ناو و دەنگدا.
- تۆڵەسەندنەوە.

ئەوانە چەند هۆیەکی لاوەکین، کە پاڵ بە خەڵکەوە دەنێن، ڕێگەی جاشایەتی بگرنە بەر، بەڵام هۆیە سەرەکییەکان ئەمانەن:

- نزمیی ئاستی هەستی کوردایەتی و خۆ بە کوردستانی زانین.
- فرەکوێخایەتیی و زۆریی نێوەندی دەسەلات، لە نێو بزاڤی چەکداریی کورددا.
- بروانەبوون بە "تفەنگ و پێشمەرگە و شاخ"، وەک تاکە ڕێگەیەکی خەبات و ڕزگاری.

ساڵی 1974، زێتر لە 150 هەزار پێشمەرگە، لە دەوری پێشەوا بارزانی کۆبووبوونەوە و زێتر لە 95%ی کوردیش، تەواوی کوردی هەموو کوردستانی لەگەڵ بوون، بەلام ئەورۆکە خەڵک لە دەوری کامە کوێخا و کامە ڕدینسپی کۆوە بن؟ هەر لە خوارووی کوردستاندا، خوا نەیبڕێت، یەک دەرزەن و لە ڕۆژهەلاتی کوردستانیشدا، گوێی شەیتان کەڕ بێت، نیو دەرزەنێک کوێخای لێیە و ئەمیبیائاساش، هەر لە زاوزێدان! من هەرگیز سەلەفی(سلفي) نیم و تاسەی دیکتاتۆرییش ناکەم، بەلام کەشتییش کەشتیوانی زۆر بوو، دەبن ئاوی دەکەوێت و نوقم دەبێت. دەسگای ڕاگەیاندنی بارزانی، هەرچی نووسەر و ڕۆژنامەڤان و شاعیر و هونەرکاری کورد هەبوون، لێی کۆبووبوونەوە و ئاشبەتاڵی بە ڕادیۆ و تەلەڤزیۆن و ڕۆژنامە و گۆڤارە کوردییەکانی ڕێژیمی عیراق کردبوو و پەکی خستبوون، چونکە خڕ کادرانی کوردی لێ دابڕیبوون، بەلام زۆرینەیەکی ئەوانە ئەورۆ، لە دەسگاکانی عیراق و ئێراندا کار دەکەن. نەک لەبەر ئەوەی عیراق یا ئێرانیان پێ باشە و ئەوان خزمەتیان دەکەن، بەڵکە لەبەر فرەکوێخایەتییەکەی نێو هێزەکانی بزاڤی کورد. گۆڤار و ڕۆژنامەکانی، ڕۆشنبیری نوێ و کاروان و بەیان و ڕۆژی کوردستان و نووسەری کورد و سروە و هاوکاری، زێتر ئەدەب و مێژوو و فەرهەنگ، دەرخواردی مێشکی خەڵکی کورد دەدەن، تا بلاوکراوە فۆتۆکۆپیکراوە عەرەبی و فارسی و تورکییەکانی ئەو هێزە سیاسییانە. ولاتانی ئەورووپای ڕۆژاوا، لە خەڵکی کورددا جممەیان دێت — ئەڵبەتە ئەگەر ڕۆژهەلاتی ئەورووپایش بۆن و بەرامی بەعسی لێ ناهاتبا و کوردەکەیان بەدەست بەعسەوە نەدابا، ئەوا ئەو خەڵکە ڕوویان لەوێیش دەکرد- هەموو ئەو خەڵکەش بە نێو گەلەکوێخا و دەمڕاست و سەرکردەکاندا هاتوون و گەیشتوونەتە ئەورووپا و ئەمەریکا و ئەوسترالیا و ئاوارەییان هەڵبژاردووە، نەک مانەوەی لای ئەوان. ئەگەر کۆمەڵێکی



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

له ترسی گیانی خۆی هەڵاتبێت، یا خۆپەرست بووبێت، یا بە نیازی خۆشگوزەرانی و ڕابواردنەوە، یا بۆ هەر مەبەست و مەرامێکی دیکە هاتبێت، خۆ زۆریشی پێشمەرگە بووە و سەر بەو دەسگا و پارتییانە بووە، بەڵام ئاوارەییەکەی پێ باشتر بووە، لە مانەوەی لای ئەو سەرکردە زۆر و بۆرانە. بۆ دەستنیشانکردنی سەرەتای پەیدابوونی فرەکوێخایەتیی، لە سەرکردەیەتیی کورددا، لەم سەردەمە نوێیەماندا و لەو کاتەوەی، کە کوردایەتی خرایە قاڵبی پارتایەتی و ڕێکخستنەوە، دەبێ بگەڕێینەوە بۆ ساڵی 1964، کە جەلالییەت داهێنرا و بە نێوی پێشکەوتنخوازی و چەپڕۆیی و خۆبەخوێندەوارزانینەوە، تۆوی دووبەرەکی و ئاژاوەیان، لە نێو شۆڕشی کورددا نایەوە و نێوەندێکی دیکەی ڕێبەریەتییان قوت کردەوە و یەکەم بۆمبی ناتەبایی و ناکۆکییان تەقاند و کەوتنە یاریکردن بە مێشک و بیروباوەڕ و گشت شتێکی پیرۆزی خەڵکی هەژاری کورد و گومان و بێبڕواییان، گەشەپێدا و بڵاوکردەوە. ئیدی لەو ڕۆژەوە فرەکوێخایەتی دەستی پێ کرد و تەشەنەی کرد و نێوەندی دەسەڵات زۆر بوو. ئەگەر بگەڕێینەوە سەر پرسیاری پێشوومان، لە هەرەسی 1975 بە دواوە چی کراوە؟ دیارە ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە، کە فرەسەرکردەیی و ئاغایی، کوردەکەی لە بزاڤە چەکدارییەکە دوور خستووەتەوە و سارد کردووەتەوە، ئەوەش وامان لێ دەکات، بگەینە ئەوەی، کە کورد لەبەر ئەوەی:

1. وڵاتەکەی(کوردستان)، لە نێوان پێنج دەوڵەتدا دابەش کراوە و ئەو دەوڵەتانەش، لە ڕووی ئابووری و جڤاکی و سیاسی و ئایینی و نەتەوەیی و ڕەگەزی و فەرهەنگییەوە، لەیەک جیاوازن.
2. بێجگە لە ئایینی ئیسلام، بە هەردوو ئاییتراکەیەوە، شیعە و سوننە، ئایین و مەزهەبی زۆری دیکە، هەرچەندە خەڵکەکانیان کەمن، لە نێو کورددا هەن، وەک: ئێزدی، کاکەیی(ئەهلی حەق، یارسان)، عەلی ئیلاهی، عەلەوی، حەقە، حەمەسووری و دیان.
3. زمانێکی یەکگرتووی نووسین و خوێندنەوەی نییە و دەیان دیالێکتی جیاوازی هەیە، کە جیاوازی لە نێوان هەندێکیاندا، دەگاتە ڕادەی لە یەکدی تێنەگەیشتن.
4. پێوەندارییەتی خێڵەکی و عەشایەری و ڕەوەندیەتی، هێشتا زاڵ و سەردەستە.
5. لە بواری ئابووری و جڤاکییەوە گەلێک دواکەوتووە.
6. نەخوێندەواری زۆرە.
7. گەلێکی فرە چینە.

هۆگەلێک ساز دەبن، بۆ دابەشبوونی خەڵکی کورد(ئەوی ئەندامیەتی هێزە سیاسییەکان دەکات و هەوادارییانە و لەگەڵیاندایە)، بە سەر کۆمەڵێک حیزب و دەستە و تاقمدا، کە دەبێ زادە و ئەنجامێکی سروشتیی بار و ڕەوشە ئابووری، کۆمەڵایەتی، ئایینی، جوگرافی و فەرهەنگییەکە بن، کە کوردی تێدا دەژی، نەک ڕەنگدانەوەی خواست و ئارەزووی کەسانێک بن، کە لە بری ئازادی بیروباوەڕ، ململانێیەکی دیموکراسییانە و هاریکاری و هەرەوەزی، سەرکردەیەتی و کەڵەگایەتییان کردووە بە پیشە. خواست و ئارەزووی سەرکردەهەمیشەییەکانی کورد، ڕێگەخۆشکەری فرەکوێخایەتی و زۆربوونی نێوەندی دەسەڵاتن لە کوردستاندا. هەر ئەوەش بووەتە هۆی کەمکردنەوە و لێداتاشین و بەرپەرچکردنی هیوا و ویست و داخوازیی خەڵکی کورد، بۆ ئازادی و سەربەخۆیی و گۆڕینی بۆ داخوازیگەلێک، کە ئەو هێزە سیاسییانە، تەنێ بۆ خەڵکی خۆیان دەیانەوێت و داوای دەکەن. لەبەر هەموو ئەوانەی سەرەوە، ئێستاش کورد، پێویستی بە یەک نێوەندی دەسەڵاتە، بۆ وەی بەرێوەی ببات و سەرکردەی وڵاتپارێز و توانا و گەلیار و پاشەڵپاکی دەوێت، کە لە خەڵکەکە تێبگات و ئاواتی، ئاواتی خەڵک بێت و لەگەڵ



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

ئازاری خەڵکدا، ئازار بچێژێت. ئەزموونی دوای 1975، دەمانگەیەنێتە ئەو ئەنجامە و ئەوەمان بۆ دەسەلمێنێت. نەبوونی قەوارەیەکی سیاسیی و نەبوونی دەوڵەتێکی کوردستانی، ئەو پێویستییەی یەک نێوەندی دەسەڵات و یەک سەرکردەیەتییە، ساز دەکات و دەهێنێتە ئاراوە، بۆ ئەوەی کورد وەک نەتەوەیەک و خودانی یەک خاک و یەک پرس، لەگەڵ بەرانبەردا، لەگەڵ داگیرکارانی کوردستاندا، لەگەڵ پێوەندداراندا بە پرسی کوردە، بپەیڤێت، بجەنگێت، بڕیار بدات، دەنا کە کورد بوو خاوەنی دەوڵەتی سەربەخۆی خۆی، خودای دەکرد، هەر سەرۆک و حوکوومەتیشی نەدەبوو. من بۆ خۆم زۆرم کەیف بە حوکوومەت و پۆلیس و دەسەڵات نایەت، دیارە بۆ هەموو جیهان و بۆ کوردیش هەرکاتێکی چووە ڕیزی دەوڵەتانی جیهانەوە. ئەگەر ساڵی 1975، وەک بڕگەیەک یا سنوورێک بژمێرین و بەراوردێک لە نێوان عەقڵی سیاسی کوردی پێش ئەو ساڵە و پاش ئەو ساڵەدا بکەین، بۆمان دەردەکەوێت و ڕوون دەبێتەوە، کە عەقڵی سیاسی پێش 1975، لەگەڵ هەموو کەموکووڕی و ساتمە و ناتەواوییەکیشیدا، گەلێک پێشکەوتووتر و کوردپەروەرتر و دڵسۆزتر و وڵاتپارێزتر و ڕاشکاوتر و ڕاستگۆتر بووە، لە عەقڵی سیاسیی کوردی دوای 1975. لێرەدا گوتنێکی مامۆستا مەسعوود موحەممەد، کە لە بەشی یەکەمی، گەشتی ژیانەکەیدا نووسیویەتی، باشترین نموونە و بەڵگەیە بۆ سەلماندنی ئەو ڕاستییە. مامۆستا دەڵێت:"بۆ خۆت لەگەڵ خۆتدا لێک دەوە، کە دەگوترێ وەیا دەنووسرێ:(بەر لە چل ساڵێک فڵانە کەس ڕازی نەبوو شێخ لەتیف و کاکەزیاد لە سەرۆکایەتی پارتی کوردستان بەشدار بن) چەند بە ئاسانی ئەو فڵانە کەسە لە ڕێگای ئیفلاسەوە دەچێ بۆ پێشەوایی، شێخ لەتیف و کاکەزیادیش ڕووت دەبنەوە. تۆ وەرە بە خۆت و دەسەڵاتی میراتیەوە خۆت بە نیشتمان ببەخشیت کەچی یەکێک ڕەفزی بکات هەموو سامانەکەی ئەوە بێ نە هیچ دەسەڵات و نە هیچ شۆرەت و نە هیچ شتێکی هەیە..قوتەیەکی مل نێرکە کاردووە لە ئوتێلی کوردایەتی دابەزیوە بە خۆڕایی تێیدا دەلەوەڕێ..نۆشی گیانی بێ..بەڵام وەها خۆشە کە مادەم پیاوی وەک شێخ لەتیف ڕەفز بکرێ قوتەی مل نێرکە کاردووش لە هیچە نەبێتە پێشەوای ئوممەت. دوای چل ساڵیش لەو مامڵەتە ئنجا ڕۆژی ئەوە نەهاتووە قوتەی ئەوتۆیی پێشەوا بێت". ناوی پیرۆزی شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری، سەیید ڕەزا، شێخ سەعیدی پیران، ئیحسان نووری، شێخ مەحموودی حەفید، سمکۆ، پێشەوا قازی موحەممەد و سەرۆک بارزانی، ئێستاش و هەمووده‌م، مایەی شانازی و سەربەرزیی خەڵکی کوردن و هەمووده‌م ڕێگەی مرۆڤی کورد ڕۆشن دەکەنەوە. ئێستاش ناوی مەلا کەریمی شاریکەندی، کە لە مەهابادێ شەهید کرا، لە دڵی خەڵکی کورددا دەژی و بەوپەڕی خۆشەویستییەوە باسی دەکرێت و کوژەرەکانیشی تووڕەیی و نەفرەتی کوردەکەیان بۆ دەچێت. سەر و سەکوت و پۆشاک و هێندێک هەڵسوکەوت و ڕەوتار و هەرزەبۆچوون، لای هەندێک سیاسەتچی و خوێندەواری کورد، کە ڕەنگدانەوەی فەرهەنگی بیانین، هاوچەرخیەتی و پێشکەوتن ناگەیەنن و تەنێ خۆخەڵەتاندنن. ڕەنگە خراپ نەبێت و پێویستیش بێت، ئەگەر بە خۆماندا بچینەوە و جارێکی دیکە خۆمان بخوێنینەوە. وەها کارێک نە عەیبە و نە نەنگی. ئەوەی، کە ئەوڕۆ پتر و پتر کورد لە یەکدی دوور دەخاتەوە و یەکناخات، لاساییکردنەوە و پەنابردنە بەر فەرهەنگی بیانییە، فەرهەنگی لاساییکردنەوەی هەڵە سیاسییەکانی خەڵکی دیکە، فەرهەنگی بێفەرهەنگیی، کە بە دەروون و ڕۆحی کورد نامۆ و نەگونجاون. ئەوەش، کە کورد لە یەکدی نێزیک دەخاتەوە و گومان و دوودڵی لە ڕۆحیاندا ناهێڵێت و توانست و هێزیان دەداتێ و هیوا دەخاتە دەروونیانەوە، گەڕانەوە و خوێندنەوەی نەریت و خوو و ڕەوشت و ڕەوتاری ڕەسەنی کوردەوارییە، بەڵام بە چاو و دیتنێکی ڕەخنەگرانەوە. مەبەست لە کوردەوارییش، کوردەواری خۆشویستنی مرۆڤ، دڵپاکی، هاریکاری و ڕاستگۆییە، کە تا ڕادەیەکی زۆر لە فەرهەنگی خۆرهەڵاتدا، کە بەشێکی هەرەگرنگی فەرهەنگی کورد و شێوەی بیرکردنەوەی چەندین



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

سەدە و پتریدا، دەبینرێتەوە. خۆرهەڵاتی فەرهەنگ، نەک خۆرهەڵاتی پۆلیس. خۆرهەڵاتێتییەک، مرۆڤایەتییەک، فەرهەنگێک، کە جیهان بکەنە بەهەشتی کامرانی بۆ هەژاران و چەوساوانی گەل و زۆرداری نەهێڵن و بۆ مرۆڤ بن. کورد کەسانێک یا کەسێکی دەوێت، بە لای کەمەوە، بەشێکی ئەو بۆشاییەی، بارزانی لە دوای خۆی بەجێیهێشت، پڕ بکاتەوە. بارزانییەک، کە یەک میللەتی تەواو، گوێی لێ دەگرت و کوردی سەرتاسەری کوردستانی بە هەموو چین و توێژ و ئایین و ئاییترا و هۆز و خێڵ و چەپ و ڕاست و دیالێکتێکەوە، کۆ کردبووەوە و ڕێبەریی دەکردن. هەرچەندە پێموانییە، هەرگیز ئەو بۆشاییە پڕ بکرێتەوە، دەبێ ئەوەش بزانین، کە دەمڕاست و سەران و ڕێبەران و سیاسەتبازانی ئەوڕۆکەشمان، زۆربەی هەرە زۆریان، لە سوارچاکییان نییە، کە بوونێ، بەڵکە ئەسپ هەڵیگرتوون. لێرەدا پرسیارێک وەبیردا دێت، دەی باشە ئەگەر فرەسەرکردەیی نەما و هەموو لە سایەی ڕێبەرێک ،یا ڕێبەرێتییەکدا، بەرێوە بچن، ئایا شەڕی چەکداریی و پێشمەرگە و چیا، دەمانگەیەننە ئەنجام؟ بێگومان ئەگەر حاڵ وەک ئێستا بڕوات، کە ساڵگەلێکە ڕۆیشتووە، ئەوە هەرگیز نا! چونکە ئێمەی کورد تا ئێستاش بۆ خۆمان نازانین چمان دەوێت. ڕۆژێک کورتی دەپێوین و ڕۆژێک درێژ، ئەنجامیش هەر کورتی دێنێت. تا ئێستاش لە سەر ئامانجەکانمان یەک نین، و تا ئێستاش نەخشەیەکی یەکگرتوومان بۆ ئەو کوردستانەی، کە دەمانەوێت ڕزگاری بکەین نییە، ناشزانین کوردستان لە کوێوە تا کوێ دەگرێتەوە. ئێستاش زێتر خۆمان بە عیراقی، ئێرانی، تورکیایی و سووریایی دەزانین، وەک لەوەی، کە خۆمان بە کوردستانیی بزانین. ئەمە دیوێکی مەسەلەکەیە و دیوەکەی دیکەیشی ئەوەیە، کە دەسپێکردنەوەی بزاڤی چەکداریی لە خوارووی کوردستاندا و لە پاش هەرەسی 1975، زیانێکی زۆری لە خەڵکی کورد دا و لە ماڵوێرانی زێتر، هیچی دیکەی لێ شین نەبوو. دەبووایە تەقوهووڕ، دەستی پێ نەکردایەتەوە، تا خەڵکی کورد بۆ خۆی و لە ژێر گوشار و زەبر و زۆری ڕێژیمدا دەگەیشتە حاڵەتێکی وا، کە کۆچپێکردن و ڕاگواستن و عەرەباندن وای لێ دەکرد، کە هەرەمەکی بۆ خۆی ڕاپەڕێت و دژ بە ڕێژیم بجەنگێت. بێگومان بریا و خۆزییش پێش ڕوودانی ڕووداو و کارەسات، دەخوازرێت و خواستنی لە پاش ڕوودانی کارەسات و ڕووداو، دەکاتە ڕەخنە. شتەکە بوو و کار لە کار ترازا...کە ڕوویدا و بوو، بریا جەنگەکە بکرابا بە شەڕی پارتیزانی و بگوێزرابایەوە نێو سەربازگە، مۆڵگە، پۆلیسخانە، کارگە، بانک، دەسگا و کارگێرییەکانی حوکوومەت، باژێڕ، باژێرۆکە، گوند، کێڵگە و دڵی دوژمن و لە نێو خاکی خۆیدا. ئەوانە ڕۆیشتن و ڕابوردن، بەڵام با بیرێک لە ئێستا بە دواوە بکرێتەوە. پێموایە ئەگەر بابایەکی خەڵکی سامەڕا، تکریت، توێریج، عانە و چبایش و...، کە باوک و دایکی، لە ساڵانی 1970کانەوە یا پێشتر هاتوونەتە یا هێنراونەتە، کەرکووک، خانەقین، شەنگال و ماڵ و خاکی کوردیان داگیرکردووە و لە کوردستان لە دایک بووە و ئەوڕۆکە سەربازە و دەچێتە هەورامان و خۆشناوەتی و چیای گارە و گوندی کوردان خاپوور و تاڵان دەکات، کەرکووک و خانەقین و شەنگالیش بە زێدی خۆی دەزانێت. ئەگەر جەنگ و شەڕە پارتیزانییەکە، نەبرێتە نێو ماڵ و خانوو و مۆڵگەیەوە، هەرگیز ناڕوات و بار ناکات و کانیاوەکان تێر ئاویشی دەکەن و دارگوێزەکانیش سێبەری خۆیانی بۆ هەڵدەخەن و دانی ئەوانیش لە زەوی ئێمەدا شین دەبێت. لێرەدا شتێکم وەبیر دێتەوە، کە فشە و بانگاشە و هاتوهاواری ئێمە پووچەڵ دەکاتەوە: ساڵی 1978 لە کەرکووکەوە بە پاسە چکۆلەکان(مینی بووس)، کە هەژدە نەفەرییان پێ دەگوتن، بە ڕێگەی دووبز(دبس)دا، بۆ گوندێکی تازەدروستکراوی ئەو ناوە دەچووم، کە نێوی حەتتین(حطين)یان لێ نابوو. هەموو ماڵە عەرەبی عیراقی بوون و لەوێ نیشتەجێ کرابون و زەویوزاری کوردیان وێ درابوو. من بۆ ماڵێکی دۆست و ناسیاوم دەچووم، کە کورد بوون و لە بەر ئەوەی پیاوی خاوەن ماڵ، بە پیشە سەرباز بوو، لەوێ خانوویان دابوونێ، ئەڵبەت بەو، بە کرێ. لە ڕێگە لە



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

نێو ماشێنەکەدا، کە نەفەرەکانی خڕ عەرەب بوون، لە نێوان هەندێکیاندا، باسی ئەوە دەکرا، کە ئایا نێوی حەتتین (حطين) لە چییەوە هاتووە! یەکێکیان، کە بێگومان عاقڵەکەیان بوو، گوتی:"کاتی خۆی لێرە و ئا لەم شوێنەدا، جەنگی حەتتین(حطين)، ڕووی داوە. ئیدی لەبەر ئەوە وا ناو نراوە..". مەبەستی کابرا لە جەنگی حەتتین(حطين)، ئەو جەنگە بوو، کە ساڵی583ی کۆچی/1187ی زایینی، لە نێوان سەلاحوددینی ئەییووبی(صلاح الدين الايوبي) و عیسایییەکاندا، لە فلستین ڕووی داوە. ئەوە خەڵکە ژیر و پیر و دنیادیدەکانیان بوون، کە وایان دەگوت، ئەوجا وەرە دیاری منداڵێک، کە لەوێ لەدایک دەبێت، دایکم گوتەنی:"سەر کەر بەردەن نۆرەی سەیفوڵلایە"، ئەوا کەرکوک و قەرەدەرە و شێروانە و شارەزوور و قەراج و تەنانەت خۆشناوەتی و باڵەکیان و شارباژێڕ و ئامێدی و ئاوێسەریش، پاش ماوەیەکی دیکە، بۆی دەبێتە پاشناو و وەک بابەڵبابی لەوێ بووبن، وا باسی خۆی دەکات. کەرکووک و خانەقین و شەنگار و شوێنەکانی دیکەش، کە داگیردەکرێن، بە دەردی مووسڵ دەچن و مەگەر هەر بڵێین، بە خودای کاتی خۆی، کەرکووک کوردستان بوو! ئەڵبەتە زۆر لەمێژیش نییە، ساڵانی 1983 و 1984، یەکێک لە سەرکردە زۆرەکانی، خوا نەیانبرێت، کورد، کە زۆر شۆڕشگێڕیشە! هەر زۆر حاتەمانە و یەکجار چاوتێرانە، کەرکووکی، دڵی کوردستان، لە کوردستان فت کرد و قرتاند و سڕییەوە و بە کراسەکەی بەریەوە پێشکەشی عیراقی داگیرکەری کرد و بۆی کردە پەردەوە. گواستنەوەی جەنگ بۆ نێو جەرگەی دوژمن، بۆ نێو کووچە و کۆڵانی پێتەختەکەی و دام و دەسگا و کۆمپانییەکانی، تاکە ڕێگەیەکە، بۆ ئەوەی لە واتای شەڕ تێبگەن و شەڕەکەش لە کوردستان دوورخرێتەوە. با ئێمەش سوود لە ئەزموونی شۆڕشگێڕە ئێرلاندییەکان و باسکەکان وەرگرێن. بۆ ئەوەش، کە بتوانرێت وەها کارێک ئەنجام بدرێت، پێویستمان بە:

- خەباتێکی سەخت و بەربڵاوە، لە مەیدانی فەرهەنگیدا. شۆڕشێکی فەرهەنگی دژ بە فەرهەنگی بیانی، پارچەپارچەکەر و دابەشکەر، کە لە یەک گەل و یەک خاکەوە، دەمانکاتە چەندین بەشە خاک و وردە شتی دیکە، لە باژێڕ و دەڤەر و هۆزەوە بیگرە، تا دەگاتە زاراوە و حیزب و بەرەباب، وەها فەرهەنگێک، بە هەست و هۆش و دەروونمان نامۆیە و بەنجی کردووین. شۆڕشێکی فەرهەنگیمان پێویستە، کە کۆیلە و دیل و چەوساوە و هەژاری کورد و گشت مرۆڤی ئەم سەرزەمینە ڕزگار کات و ئازادی و نان و بەختیارییان بۆ بهێنێت. شۆڕشێک، ناسنامەی خۆمانمان بداتەوەدەست و زۆربەی گرێکوێرەکانمان بۆ بکاتەوە و خەون و خەیاڵی داگیرکەران و پشتگرانیان پووچ کاتەوە.

- ئاشکراکردن و هەڵماڵین و خستنەڕووی هەموو نهێنی و شاراوەیەک، لە بواری سیاسیدا، بۆ تەواوی کۆمەڵانی خەڵکی کورد.

- هەموو شتێک، ڕەوتارێک، کەسێک، ڕووداوێک و پیرۆزییەک، بخرێتە بەر لێکۆڵینەوە و دەمەتەقە و باس و بە چاوێکی ڕەخنەگرانەوە بنۆڕدرێتە هەموو شتێک.

- ڕووخاندنی مۆنۆپۆڵی حیزبی و هەوڵدان بۆ نەهێشتن و لەناوبردنی دەسەڵاتی حیزب و حیزبایەتی، کە کوشندەترین دەردی ئەم سەردەمەیە. خەڵک خۆی ببێتە خاوەنی بڕیاری خۆی و بتوانێت ڕاستەوخۆ، نەک لە ڕێگەی نوێنەر و بەرپرس و هەڵسووڕێنەرانی حیزبەوە، ڕای خۆی دەربڕێت.

- ئازادی تەواوی ڕا و بیر و بۆچوون و دەربڕینە، کە ئەمە بنەڕەت و ڕەگی هەموو مەسەلەکانە. ئەگەر مەسەلەکان وەها بن، ئەوا وشەکانی ڕوینە لۆمبۆرن و کاک نەجمەددین تاها، گوماناوی و لەرزۆک دەبن و مرۆڤ ڕێژەیەک هیوا پەیدا دەکات.

هاوینی 1988



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com